
ئەژین محەممەد

یاریزانی باڵەی یانەی پێشمەرگەی سلێمانی:

# داوکارم لە بەرپرسان زیاتر هاوکاریی وەرزشوانان و یانەکان بکەن



تیپی باڵەی یانەی پێشمەرگەی سلێمانی یەکێکە لەو تیپانەی کە لە شاری سلێمانی گرنگیی زۆر بە یارییەکانی کچان دەدات، یانەکەش بە ئامانجی پێشخستنی ئاستی یاریی باڵە تیپێکی تۆکمەی پڕ لە یاریزانی بەتوانای لە یانەکە کۆکردۆتەوە بۆ ئەوەی لە داهاتوودا بەم کچە یاریزانانە کێبڕکێ لەسەر ئەنجامی شایستە بکات لە خولی باڵەی نایابی کوردستان و عێراق. ئەژین محەمەد یەکێکە لە کچە یاریزانە بەتواناکانی یانەکە و لەدایکبووی ساڵی ١٩٩٦ی شاری سلێمانییە و قوتابیی کۆلێژی پەروەردەی وەرزشییە لە زانکۆی سلێمانی و بەرپرسی لقی دەوروبەری یەکێتی قوتابیانی کوردستانە، ئێمەش لە نزیکەوە چەند پرسیارێکمان ئاراستەی کرد و ئەویش بەمجۆرە وەڵامی پرسیارەکانی گۆڤاری گوڵانی دایەوە.



*** چۆن بوو رووت لە بواری وەرزشی باڵە کرد؟**

- مـن سـەرەتا ویسـتم روو لـە یـاری تۆپـی پێـی بکـەم، بـەڵام روونـە لێـرە تۆپـی پێـی بـۆ کچـان بوونـی نییـە، بۆیـە رۆژێـك هاوڕێیەکـەم پێـی گوتـم تۆپـی پێـی لێـرە بوونـی نییـە، وەرە بـۆ یـاری باڵـە، بۆیـە منیـش رووم لـە یاریـی باڵـە کـرد و زیاتـر پێـی ئاشـنا بـووم، ئێسـتا خۆشـترین یارییـە لای مـن.

*** ئاستی یاریی باڵە لە کوردستان چۆن دەبینی؟**

- دەتوانـم بڵێـم مامناوەنـدە، چونکـە لەگـەڵ هەبوونـی یاریزانـی باڵـە و یانـەکان، هێشـتا ئاسـتەکە زۆر بـەرز نییـە، پێـم باشـە زیاتـر گرنگـی بـەم یارییـە بدرێـت و یاریزانـەکان خۆشـیان بـەردەوام بـن بـۆ ئـەوەی ئاسـتی ئـەم یارییـە بـەرز ببێتـەوە، بـەڵام نەکردنـەوەی پاڵەوانێتـی هـۆکاری سـەرەکییە بـۆ دابەزینـی ئاسـتی یاریـزان، چونکـە بە بێ بوونـی پاڵەوانێتـی ئەنجامدانـی مەشـقی بـەردەوام هیـچ ئەنجامێکـی نییـە و یاریـزان سـارد دەبێتـەوە لـە مەشـقکردن، بۆیـە داواکارم زیاتـر هـاوکار بـن و خـول و پاڵەوانێتـی بکەنـەوە.

*** چی بکرێت باشە بۆ ئەوەی ئاستی ئەم یارییە لە شارەکانی کوردستان بەرز بکرێتەوە؟**

- خولـی بـەردەوام بکرێتـەوە پشـتگیری کچـە یاریزانەکانـی یانـەکان و شـارەکانی کوردسـتان بکرێـت، بـۆ ئـەوەی لـە مەشـق و راهێنـان سـارد نەبنـەوە.

*** گرفتی وەرزشیی یاریی باڵە لە چیدا دەبینی؟**

- کەمیـی یاریـزان و یانـەکان لـە ناوچەکانـی تـر و نەکردنـەوەی خـول گرفتـی سـەرەکیی یاریـی باڵەیـە، پێویسـتە هاوکاریـی زیاتـری کچـان بکرێـت بـۆ ئـەوەی بێنـە نـاو بـواری وەرزش، داواکارم لە دایـکان و باوکانـی خۆشەویسـت ئەوەیـە هـاوکاری کچەکانیـان بکـەن، بـۆ ئـەوەی بێنـە نـاو بـواری وەرزش، چونکـە پشـتگیریکردنی خێـزان لـە سـەرووی هەموویەتـی بـۆ وەرزشـی کچـان، دەمـەوێ ئامـاژە بـەوەش بکـەم راهێنەرەکـەم (مامۆسـتا بەڕێـز) هـاوکاری سـەرەکیی منـە.

*** وەکـو کچـە یاریزانێـك لـە ژیانـی وەرزشـیتدا هیـوات چییـە؟**

- هیـوا و ئاواتـی مـن ئەوەیـە کـە بتوانـم ببـم بـە یاریزانێکـی زۆر بـاش و ئاسـت بـەرز و ئاسـتێکی بـاش پێشکەشـی تیپەکـەم و شـارەکەم بکـەم.

*** بەرنامەت بۆ داهاتووت چییە؟**

- بەرنامـەی مـن بـۆ داهاتـوو ئەوەیـە زیاتـر مەشـق بکـەم و زیاتـر هـەوڵ بـدەم، بـۆ ئـەوەی بتوانـم ئـەوەی دەمەوێـت و مەبەسـتمە بەدەسـتی بهێنـم.

*** بـە هیـوای ئـەوە نیت هەڵبـژاردەی باڵـەی کچانـی کوردسـتان دابمـەزرێ؟**

- ئـەوە خەونـی هەمـوو یاریزانێکـە کـە بـۆ هەڵبـژاردەی وڵاتەکـەی یـاری بـکات، دامەزراندنیشـی خەونـی هەمـوو یاریزانێکـە، بـەو هیوایەشـم منیـش یەکێـك بـم لـە یاریزانانـی هەڵبژاردەکـە.

*** بـە چ یاریزانێکـی جیهانـی سەرسـامیت؟**

- بـە یاریزانـی ئیتالـی ئیڤـان زەیسـتێڤ و یاریزانـی ئەمریکی دێستینی دانتـی هۆکێـر.

*** تـا ئێسـتا لەلایـەن یانەکانـەوە هیـچ گرێبەسـتێکت پێشـکەش کـراوە؟**

- نەخێـر، هیـچ گرێبەسـتێکم پێشـکەش نەکـراوە.

*** لـە رووی کۆمەڵگـەوە تاچەنـدە شـارەکەی ئێـوە بـۆ وەرزشـکردنی کچـان هـاوکار بـووە؟**

- ئاسـتی پشـتگیریکردن لـە کۆمەڵگـەی کـوردی بـۆ وەرزشـی کچـان بـە پێـی پێویسـت نییـە، بۆیـە هیـوادارم زیاتـر هەموومـان پشـتگیری یەکتـر بکەیـن، نـەك یەکتـر بڕووخێنیـن، چونکـە پشـتگیریکردن بەشـێکە لـە سـەرکەوتن، داوکارم لـە بەرپرسـان زیاتـر هاوکاریـی وەرزشـوانان و یانـەکان بکـەن، چونکـە بـە هـۆی خراپیـی بـاری دارایـی چەندیـن یاریـزان وازی هێنـاوە.

*** ئەگەر شتێکت ماوە لە کۆتاییدا؟**

- دەستخۆشـی بـۆ گۆڤـاری گـوڵان کـە هەمـوو کات پێشـەنگ بـووە لـە خزمەتکردنـی وەرزشـیی ناوخـۆ و بەسـەرکردنەوەی یاریزانانـی سـەرجەم شـارەکانی کوردسـتان بـە بـێ جیـاوازی.





# سەرۆکی بەرشلۆنە لەسەر میسی و گریزمان هاتە دەنگ

## سادیۆ مانێ بووە باشترین




سادیۆ مانێی سەنیگالی و هێرشبەری لیڤەرپوول بە باشترین یاریزانی مانگی رابردووی خولی ئینگلیزی دەستنیشانکرا.
ئەنجوومەنی یاریزانە پیشەگەرەکانی ئینگلتەرا خەڵاتی باشترین یاریزانی مانگی رابردووی پریمەرلیگی بەخشیە سادیۆ مانێ بەهۆی ئەو ئاستە بەرزەی پێشکەشی کرد و لە کۆی پێنج یاری لەگەڵ لیڤەرپوول توانی پێنج گۆڵ بکات و ئەسیستێکیشی تۆمار کرد.
مانێ لە ئێستادا بۆتە ئامانجی ریال مەدرید و رۆڵێکی گەورە دەگێڕێت لە ململانێکانی لیڤەرپوول و مانچستەر سیتی لەسەر پێشەنگایەتی خولی ئینگلیزی و بردنەوەی نازناوی ئەم وەرزە.
سادیۆ مانێ تەمەن ٢٦ساڵ لە هاوینی ٢٠١٦ لە یانەی ساوسهامپتنەوە بە بەهای ٤١ ملیۆن یۆرۆ روویکردە لیڤەرپوول ئەم وەرزە لە سەرجەم پاڵەوانێتییەکان ٤٠ یاری کردووە و ٢٠ گۆڵ و ٤ ئەسیستی تۆمار کردووە.

## یۆڤانتۆس نزیکە لە کڕینی یاریزانێکی بەرشلۆنە



بە گوێرەی سەرچاوەیەکی راگەیاندنی ئیتاڵیا، یانەی یۆڤانتۆس بۆ وەرزی داهاتوو دەیەوێت ئیڤان راکیتیچ بۆ ریزەکانی بگوازێتەوە.
رۆژنامەی لاگازێتا دێلۆ سپۆرتی ئیتاڵیا ئاماژەی بۆ ئەوە کردووە، نوێکردنەوەی گرێبەستی راکیتیچ لەگەڵ بەرشلۆنە کێشەی تێکەوتووە و بڕیاریداوە لە هاوینی داهاتوو لە بەرشلۆنە بڕوات.
سەرچاوەکە ئاماژەی بۆ ئەوەش کردووە، کە گواستنەوەی فرێنکی دی یۆنگی هۆڵەندی دەبێتە هۆی دوورخستنەوەی راکیتیچ، بۆیە لە ئێستاوە دەیەوێت بۆ وەرزی داهاتوو رووبکاتە یانەیەکی دیکە، لەم نێوەندەیشدا یانەکانی ئەنتەر میلان و یۆڤانتۆس چاویان لە گواستنەوەی ئەم یاریزانەی بەرشلۆنە بڕیوە.
بەگوێرەی هەمان سەرچاوە یۆڤانتوس نرخی کڕینی راکیتیچ بەرز دەکاتەوە و ئامادەیە بە ئۆفەرێکی گەورەتر لە ئەنتەر میلان راکیتیچ رازی بکات.
راکیتیچی تەمەن ٣١ ساڵ، لە هاوینی ٢٠١٤ لە یانەی ئیشبیلیە بە بەهای ١٨ ملیۆن یۆرۆ روویکردە بەرشلۆنە بەسەرپەرشتی هەریەك لە لویز ئێنریکی و ئارنێستۆ ڤاڵڤێردی شوێنی خۆی لە پێکهاتەی سەرەکی بەرشلۆنە کردۆتەوە و لە کۆی ٢٥٩ یاری بۆ بەرشلۆنە ، ٣٤ گۆڵ و ٣٦ ئەسیستی کردووە و لە هاوینی ٢٠٢١یش گرێبەستەکەی لەگەڵ یانەی بەرشلۆنە تەواو دەبێت و تائێستا بەرپرسانی بەرشلۆنە هیچ هەوڵێکیان بۆ نوێکردنەوەی راکیتیچ نەناوە.

جۆسێپ ماریا بارتۆمیۆ سەرۆکی یانەی بەرشلۆنە لە لێدوانێکدا جەختی لەوە کردەوە، کە هیچ هەوڵێکیان بۆ گواستنەوەی ئەنتوان گریزمان نەداوە، لە بارەی چارەنووسی لیۆنێل مێسی پلانی یانەکەی ئاشکرا کرد.

بارتۆمیۆ سەرۆکی بەرشلۆنە لە لێدوانێکی رۆژنامەوانیدا ئاماژەی بۆ ئەوە کرد، کە ئەو ٣ خاڵەی لە دژی ئەتلێتیکۆ مەدرید بەدەستیان هێناوە زۆر بەنرخە، دەشڵێت: ئێستا شانازی بە تیپەکەمان دەکەم، کە جیاوازی خاڵەکەمان لەگەڵ رکابەرەکانمان گەیاندە ١١ خاڵ. بارتۆمیۆ گوتیشی: هیچ هەوڵێکمان بۆ گواستنەوەی گریزمان نەداوە، لە ئێستادا بیر لە هیچ یاریزانێك ناکەینەوە و تەنیا بیروهۆشمان لە یاریزانەکانی ئێستای یانەکەمانە.

لە بارەی مێسی، سەرۆکی بەرشلۆنە گوتی: ئێمە پلانێکمان هەیە و دەمانەوێت گرێبەستێك بۆ هەتاهەتایە لەگەڵ مێسی واژۆ بکەین، کار بۆ ئەوە دەکەین مێسی نەك لە ئێستادا لە داهاتووشدا بەشێك بێت لە بەرشلۆنە و لە یانەکە دانەبڕێت.



# هیگواین گرێبەستەکەی بۆ وەرزێکی دیکە نوێکردووە

گۆنزالۆ هیگواینی ئەرژەنتینی و یاریزانی یۆڤانتۆسی ئیتاڵی، کە ئێستا بەخواست بۆ چێڵسی ئینگلیزی یاری دەکات لە چاوپێکەوتنێکی لەگەڵ تۆڕی سکای سپۆرتس ئاشکرای کرد لەگەڵ چێڵسی گەیشتووەتە رێککەوتن و وەرزێکی دیکەش دەمێنێتەوە.

هیگواین دەشڵێت: لە لەندەن ئاسوودەم و دەمەوێت ماوەیەکی درێژتر لێرە بمێنمەوە.

لە گرێبەستی هیگواین خاڵێك هەیە، کە چێڵسی دەتوانێت وەرزێك زیاتر خواستنەکەی درێژ بکاتەوە، یانیش بە ٣١ ملیۆن پاوەند بە شێوەی کۆتایی بیگوازێتەوە ریزەکانی.

هیگواین لەوەتەی پەیوەندی بە چێڵسییەوە کردووە لە ١١ یاری ٣ گۆڵی بۆ تۆمارکردووە.

هیگواینی تەمەن ٣١ ساڵ، لە یانەی ریڤەرپلەیت پێگەیشتووە، دواتر بە ١٢ ملیۆن یۆرۆ لە گواستنەوەی زستانەی ٢٠٠٧ پەیوەندی بە ریال مەدرید کرد، دوای ٦ وەرز لەگەڵ ریال مەدرید لە ساڵی ٢٠١٣ روویکردە یانەی ناپۆلی بە ٣٩ ملیۆن یۆرۆ، دوای ٣ وەرز لەگەڵ ئەم یانەیە بە نرخێکی خەیاڵی، کە گەیشتە ٩٠ ملیۆن یۆرۆ بۆ یۆڤانتۆس گواسترایەوە، دواتر بەشێوەی خواستن ماوەیەکی کەم یانەی ئەی سی میلانی تاقی کردەوە، لە ئێستاشدا یاریزانی یۆڤانتۆسە، بەڵام بەشێوەی خواستن روویکردۆتە چێڵسی.

# یانەی سۆران ئامادەکاری دەکات بۆ خولی نایاب

تیپی تۆپی پێی یانەی سۆران ئەمساڵ شان بە شانی یانەی سیروانی نوێی شاری سلێمانی توانی پلێتی سەرکەوتن بۆ خولی نایابی یانەکانی کوردستان بەدەست بهێنێ، لە ئێستاشەوە بۆ وەرزی نوێی خولی نایابی یانەکانی کوردستان ئامادەکاری دەکات، بۆ ئەوەی بەهێزەوە بچێتە نێو خولی نایاب و تیپێکی رکابەر بێت، لەم بارەشەوە بەرپرسی پەیوەندییەکان و راگەیاندنی یانەکە (فەرمان ئیسماعیل) بۆ گۆڤاری گوڵان گوتی: «ئێمە بە حەماسەتێکی زۆرەوە لە وەرزی نوێی خولەکە بەشدار دەبین، وەکو چۆن لە خولی پلە یەك توانیمان سەرکەوین، دەمانەوێ لە خولی پلە نایابیش بەهەمان شێوە بەردەوام بین، دەمانەوێ لە خولی پلە نایاب نموونەیەکی جوانی تۆپی پێ بین لە کوردستان، کە بۆ یەکەم جارە بەشدار دەبین لەم خولە، یانەکەشمان کە بەم گوڕوتینەوە دەچێتە ناو خولی نایابی کوردستان، بە تیپێکی تۆکمەوە دەمانەوێ ئەم وەرزە ببینە ئەسپە رەشەکەی خولی نایابی کوردستان، خاوەن ئیرادە و جەماوەری لە بن نەهاتووین، بەرنامەی باشمان هەیە بۆ ئەوەی بەرنامەی باش دابنێین و کاری نوێ دەکەین بۆ تۆپی پێی کوردستان چی پێویست بێت، ئەنجامی دەدەین بۆ وەرزشی کوردستان و تیپەکەمان تا لە پێشەوەی یانەکان بین، ئێمە لە ئێستاوە بۆ ساڵی ئایندە هەم لە رووی یاریزانان و هەم لە رووی پێداویستییەکانەوە ئامادەکاری دەکەین».

لەبارەی کەموکورِییەکانیش گوتی: «ئێمە تاکە یانەی کوردستانین کە خاوەنی یاریگای تایبەت بە خۆمان نین، لە رووی ژێرخانی وەرزشییەوە کەموکورِی زۆرمان هەیە، بەڵام خودی رێزدار نێچیرڤان بارزانی بەڵێنی داوە گرفتەکانمان چارەسەر بکات و یاریگایەکمان بۆ دروست بکات و راستەوخۆ لەسەر هێڵە بۆ چارەسەرکردنی گرفتی وەرزشی لەم قەزایە، کە گەورەترین قەزاین لەسەر ئاستی پارێزگای هەولێر و خاوەن ژمارەیەکی زۆری وەرزشکارین، لقی دەی پارتی دیموکراتی کوردستانیش لەگەڵ کاك نەهرۆ خاڵە رەش ئەندامی پەرلەمانی عێراقی لە لیستی پارتی هاوکاریی زۆریان کردووین لەم وەرزە کە توانیمان سەربکەوین، کاك نەهرۆ تاکە کەس بووە لەم دەڤەرە رۆڵی بەرچاوی هەبووە، ئێمە هیچ سەرچاوەیەکی داراییمان نییە و گرفتی داراییمان هەیە، ئەگەر گرفتە داراییەکانمان چارەسەر نەکرێت، ئەوە رەنگە لەم بارودۆخەدا نەتوانین بەردەوام بین.»



# کچانی سەورە بێ مووچەش یاری دەکەن



تیپی تۆپی فوتساڵی کچانی یانەی سەورەی شاری کەرکووک ئەمساڵ وەکو نوێنەری یانەکانی کچانی کەرکووک لە کێبڕکێیەکانی خولی فوتساڵی کچانی یانەکانی کوردستان بەشدارییان کردووەو دەیانەوێت بە ئاست و ئەنجامی باش لەم خولە بە دیار بکەون، سەرەڕای ئەوەی تیپەکە گرفتی داراییشی هەیە، هەر لەم بارەیەوە (قاسم جەمیل) ڕاهێنەری تیپی فوتساڵی کچانی یانەی سەورە بۆ گۆڤاری گوڵان گوتی: «ئاستی ئێمە لە خولی فوتساڵی کچانی یانەکانی کوردستان زۆر باشە، هەرچەندە یانەکەمان کراوەتە مۆڵ و فرۆشراوە، نارەزایەتشمان دەربڕی، چونکە باری داراییمان زۆر خراپە و وەك پێویست هاوکاری ناکرێن، وەکو تیپی فوتساڵی سەورەش سەرجەم یاریزانان و بگرە خۆیشم هیچ مووچەیەکمان نییە، بەڵام ئومێدی زۆرم بەم کچە یاریزانانەی کەرکووك هەیە، کە بتوانین هەموومان بە یەکەوە کاری باش بۆ وەرزشی کچانی کەرکووك بکەین و لە یارییەکانی داهاتوودا بەسەر گرفتەکانماندا زاڵ بین و چارەسەری بارودۆخی خراپی تیپەکەمان بکەین، لە قۆناخی داهاتووش ببینە یەکێك لە تیپە ڕکابەرەکانی خولی فوتساڵی کچانی یانەکانی کوردستان.» گوتیشی: «ئێستا تیپەکەمان گرێبەستی لەگەڵ کچە یاریزانێك کردووە بۆ ئەوەی زیاتر ئاستمان باشتر بێت و گەڕانەوەی یاریزانی ئاست بەرزی یانەکەمان هێزێکی دیکە بە ئێمە دەبەخشێت، سوپاسی کچە یاریزانەکانیشم دەکەم کە بەم بارودۆخە دەتوانن ئاست و ئەنجامی باشتر لە یارییەکانی داهاتوو پێشکەش بکەن و بەردەوام هاوکاری یەکترن، ئێمە بۆ خۆشەویستیی شاری کەرکووك و سەرکەوتنی کچەکانیشمان بەردەوام دەبین، بۆ ئەوەی بتوانین باشترین ئاست لەم خولە پێشکەش بکەین، خولەکەش زۆر یانەی بەهێز بەشداریی تێدا دەکەن، بەڵام کچانی ئێمە لە چاو کچانی شارەکانی دیکە کە هیچ مووچەیەکیان نییە و ئەوانیش هاوکاری دەکرێن، ئاستێکی باش پێشکەش دەکەن، ئومێدی زۆرم هەیە لە قۆناخی دووەم بەم دۆخەشەوە بتوانین لە خولی کوردستان ژمارەیەکی گەورە بین.»

# ڕەنگە کچانی فوتساڵی دووکان بکشێنەوە



هەرچەندە ئەم وەرزە تیپی تۆپی پێی فوتساڵی کچانی یانەی دووکانی سەر بە پارێزگای سلێمانی بەشداری کێبڕکێیەکانی ئەم وەرزەی خولی نایابی یانەکانی کوردستانییان کردووە، بەڵام لە دەستپێکی خولەکەوە ئاست و ئەنجامی کچانی ئەو یانەیە وەکو پێویست نەبووە، لە ئەگەری هاوکاری نەکردنی یانەکەش لەلایەن بەرپرسان ڕەنگە تیپی فوتساڵی دووکان لە خولی فوتساڵی یانەکانی کوردستان پاشەکشەبکات، لەم بارەشەوە (تەنیائەحمەد) ڕاهێنەری فوتساڵی ئافرەتانی یانەی دووکان بۆ گۆڤاری گوڵان گوتی: ئێمە بڕیاری ئەوەمان داوە ئەگەر تیپەکەمان لەلایەن بەرپرسانەوە هاوکاری نەکرێن لە خولی فوتساڵی یانەکانی کوردستان دەکشێنەوە، بەڵام جارێك چاوەڕوانین بزانین بارودۆخەکە چی بەسەر دێت، کێشەی سەرەکی ئێمە نەبوونی توانای دارایی باشە لە یانەکەمان، چونکە هیچ بودجەیەکمان نییە، جگە لەوەش سەرجەم یاریزانانی خۆمان هیچ مووچەیەکیان نییە جگە لە دوو یاریزانی دەرەوەی شارەکەمان نەبێ کە مووچەی دوو سەد هەزارییان پێ دەدەین ئەوانی دیکە هەمووی کچانی شارەکەی خۆمانن بە خۆبەخشی یاری دەکەن، گرفتێکی تر ئەوەیە کە سەرجەم کچانی یانەکەمان مەشقەکانیان لە شاری سلێمانی ئەنجام دەدەن هەفتەی یەك ڕۆژ ئەوەش گرفتە لە ڕووی جەستییەوە ئامادە نابن بە تەواوی، خۆشمان گرفتی نەبوونی هۆڵی داخراوی وەرزشیمان هەیە، جگە لەوەش یاریزانەکانمان زۆربەی قوتابین و تاقیکردنەوەکان گرفتیان بۆ دروست کردووە، ئەزموونمان کەمە لەم خولە چونکە یەکەمساڵمانە بەهیوای ئەوەین هاوکاریمان بکەن بۆ ئەوەی بتوانین ئاستی باشتر پێشکەش بکەین لە یارییەکانی داهاتوو.